# فێمێنیزمی کوردی و درووشمی «ژن، ژیان، ئازادی»

**چیا کاویان**

ئەم درووشمە هەمان درووشمی ڕۆژئاوای کوردستان نییە، چونکە گۆڕانی گەورە لە مانا و دەلالەتەکانی ڕووی داوە و ئەویترەکانی جیاوازە. هەروەها نەک لە درێژەی خەباتی سەد ساڵەی ژن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نییە، بەڵکوو دابڕانێکی گەورەیە لە فۆڕم و میکانیزمەکانی خەباتی ژنان لەم پارچەیەی کوردستاندا. ئەم نووسراوەیە دەیهەوێ نیشانی بدات کە ئەم جۆرە باسانە بەلاڕێدا بردنی کاکڵی بابەتەکەیە و هێشتنەوەیەتی لە چوارچێوەی باسێکی ئایدۆلۆژیکی ڕووت و پەردەپۆش کردنی لایەنە مەعریفی و بووناسانەکەی کە لە سێبەری ئەم دوئالیزمە بێکەڵک و سەرەنجامەدا کوژراوە.

**پێشەکی:**

لەو کاتەی بۆ یەکەم جار درووشمی "ژن، ژیان، ئازادی" لەسەر گڵکۆی ژینا ئەمینی لە سەقز وترا، دوای ماوەیەکی زۆر کورت بوو بە درووشمی شۆڕشێکی سەرانسەری لە تەواوی کوردستان، ئێران و دواتر سنوورەکانی ئێرانیشی تێپەڕاند، لە زۆربەی شار و شەقامەکانی دنیا بە زۆربەی زمانەکان گوترایەوە. هاوکات لەگەڵ ئەم پەرەسەندنە کتوپڕەدا، شیکردنەوەی ئاخێزی سەرهەڵدانی و فەلسەفەی پشتی ئەم درووشمە بوو بە جێگەی باس و خواسێکی زۆر و هەموان بەپەلە کەوتنە دوای ئاشکرا کردنی سیحر و ئەفسوونەکانییەوە. هەر لە سەرەتاوە ئەم ئەرکە قورسە کەوتە سەر شانی هەڵسووڕاوانی سیاسی و فێمێنیزمی کوردی، چونکە هەموان لەوەدا هاوڕا بوون کە ئاخێزەکەی سەر بە جوغرافییای کوردستانە. زۆر زوو جۆرێک لە دووبەرەکی سەری هەڵدا و، دوو لایەن هەرکام بە ئارگیۆمێنت و لۆژیکی جیاوازەوە هەوڵی ڕاڤە و شیکردنەوەی ئەم درووشمەیان دا. لایەنێک هەوڵ دەدات ئاخێزی ئەم درووشمە گرێ بدات بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕەتی دەکاتەوە کە پەیوەندی بە ڕۆژئاوای کوردستان و فەلسەفەی ئۆجەلانەوە بێت و، لایەنێکی دی ڕەتی دەکاتەوە ئاخێزی ئەم درووشمە ڕۆژهەڵات بێت، بەڵکوو دەیبەستێتەوە بە ڕۆژئاوای کوردستان و فەلسەفەی ئۆجەلانەوە. ئەم ململانێیە ئێستاشی لەگەڵ بێت هەر بەردەوامە و لەم دواییانەدا ڕەنگێکی ئاکادمیکیانەی بەخۆیەوە گرتووە، بەتایبەت لە دوو وتاری گوڵاڵە کەمانگەر و شەهلا دەباغی-دا گەیشتە لووتکە. ئەوەی هەر لە سەرەتاوە دەرکەوت نیشاندەری بوونی دوو ستراتیژیی سەرەکی بوون بە نیسبەت ئەم درووشمە کە من وەکوو ستراتیژیی "بە هیی خۆزانین" و "بە هیی خۆکردن" ناویان دەبەم. لەم نووسراوەدا هەوڵ دراوە دوو گوتاری شەهلا دەباغی و گوڵاڵە کەمانگەر بە بنەما بگیرێت بۆ نیشاندانی ئامانجەکانی پشتی ئەم دوو ستراتیژە و دەرخستنی لایەنە نادیار و شاراوەکانی و، هەوڵدان بۆ تێپەڕاندن و ئازادکردنی درووشمی "ژن، ژیان، ئازادی" لەم دوئالیزمە کوشندەیە.

**سرووشتی ململانێی ئەم دوانەیە**

لەم دوئالیزمەدا، یەکیان بە دوای مۆنۆپۆل کردنیەتی و وەکوو دەسکەوتێکی گەوری هزرێکی تایبەت سەیری دەکات و، ئەویتریان مادام ناتوانێت نکۆڵی لە بوونی بکات، هەوڵ دەدات مۆرکی خۆی لێ بدات و بیکات بە هیی خۆی. یەکیان سرووشتێکی بان نەتەوەیی پێ دەدات و پەرەسەندن و شکۆی ئەم درووشمە دەبەستێتەوە بە یەکبوون و ئاشت دانەوەی دوانەی کورد_ئێرانی و مەهسا_ژینا، سڵ ناکاتەوە لەوەی بیخاتە باوەشی گوتاری ئەویتری سەردەستەوە و، لە هەموو مانا و دلالەتەکانی کورد بوون دایماڵێت، ئەویدی هەوڵ دەدات مانا و دلالەتەکانی لە سنوورەکانی پارچەیەک لە کوردستاندا قەتیس بکات و بە هەڵە لە درێژەی خەباتی سەدساڵەی ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەلبەندی بکات. یەکیان، فەلسەفەی ڕێبەرێک بە بزوێنەری پشتی ئەم درووشمە دەزانێت و، ئەویدی

کورتکردنەوەی لە فەلسەفەی تاکە ڕێبەرێکدا بە کارەسات ناو دەبات. ئەوەی لەم دوو ستراتیژەدا بەرچاوە، زاڵ بوونی جۆرێک لە بەمۆتڵەق کردن و بەئۆبژە کردنی ئەم درووشمەیە کە هەوڵ دەدرێت بە شێوەیەکی ئەنسترومنتاڵی کۆی درووشمەکە لە ئاخێزی سەرهەڵدانی ئەم درووشمە و ئایدۆلۆژیای پشتی دابڕن و، دواتر خۆیان لە کۆی ئەو گۆڕانە گەورەیەی کە لە گواستنەوەی ئەم درووشمە لە پارچەیەکی کوردستانەوە بۆ پارچەیەکی دی لە مانا و دلالەتەکانی ڕووی داوە، بە شێوەیەکی نائاگاهانە بدزنەوە و چاوی ئێمەش داخەن بەسەر بینینی دینامۆکانی ئەم درووشمە، هەروەها کۆی بابەتەکە دابەزێننە سەر شەڕێکی وشکی ئایدۆلۆژی، یان بەگژداچوونێکی سەلفییانە لەسەر پرسی سەرچاوە و ئاخێز کە بەردەنگ ناچار بکات یەک لەم ڕەوایەتانە هەڵبژێرێت. بۆیە هەر لە سەرەتاوە دەبێت بزانین ئەم درووشمە هەمان درووشمی ڕۆژئاوای کوردستان نییە، چونکە گۆڕانی گەورە لە مانا و دەلالەتەکانی ڕووی داوە و ئەویترەکانی جیاوازە. هەروەها نەک لە درێژەی خەباتی سەد ساڵەی ژن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نییە، بەڵکوو دابڕانێکی گەورەیە لە فۆڕم و میکانیزمەکانی خەباتی ژنان لەم پارچەیەی کوردستاندا. ئەم نووسراوەیە دەیهەوێ نیشانی بدات کە ئەم جۆرە باسانە بەلاڕێدا بردنی کاکڵی بابەتەکەیە و هێشتنەوەیەتی لە چوارچێوەی باسێکی ئایدۆلۆژیکی ڕووت و پەردەپۆش کردنی لایەنە مەعریفی و بووناسانەکەی کە لە سێبەری ئەم دوئالیزمە بێکەڵک و سەرەنجامەدا کوژراوە.

## ئاخێزی درووشمەکە و ئایدۆلۆژیای پشتی

بۆ پەیدا کردنی ئاخێزی ئەم درووشمە دەبێ بگەڕێینەوە سەر نووسراوەکانی ئۆجەلان و بە تایبەت ژنۆلۆژی(زانستی ژن یان ژنناسی). ژنۆلۆژی وەکوو زانستێک هەوڵ دەدات ژن وەکوو یەکەمین کۆیلەی شارستانییەت لە کەلتووری پیاوسالاری و دەوڵەت ڕزگار بکات. ژنۆلۆژی پیاوسالاری و دەوڵەت-نەتەوەی وەکوو دوو موریدی سەرمایەداری بە هۆکاری سەرەکیی بەکۆیلە بوونی ژنان دەزانێت. درووشمی "ژن، ژیان، ئازادی" لە هەناوی ژنۆلۆژییەوە و لە جەنگەی شەڕی داعش لە ڕۆژئاوای کوردستان لەدایک دەبێت. ناوەڕۆک و دەلالەتەکانی ئەم درووشمە لە ڕۆژئاوای کوردستان بە ڕوونی دەرخەری ئەوەیە کە ئەویترەکانی ئەم درووشمە دەوڵەت-نەتەوە و کەلتووری پیاوسالارین. مۆدێلێک لە ژیان لە هەناوی ئەم درووشمەوە دێتە دەرەوە کە ژن و ژینگە بە بنەما دەگرێت، ژیانێکی خۆسەرە بەبێ بوونی دەوڵەت و کەلتووری پیاوسالاری. ئەم درووشمە مانیفێست بوونی ئیرادەی ژنە وەکوو کۆنترین کۆیلەی شارستانییەت کە لە دالانە تاریکەکانی مێژووەوە سەری هەڵداوە و ڕێبەرایەتیی بەدیهێنانی جیهانێکی نوێ بە نوێنەرایەتیی تەواوی ژنانی دنیا دەکات، جیهانێکە سرووشت دەکاتەوە بە ناوەند، بێبەرییە لە دەوڵەت و کەلتووری پیاوسالاری. مەشرووعییەتی خۆی لە

بەرەنگاریی داعش وەکوو تاریکترین هێزی سەردەم وەردەگرێت، ژنێکی پەلکەشۆڕی چەک بەدەست کە نوێنەری خێر و ئازادییە لە بەرانبەر پیاوێکی ریشنی چڵکن کە نوێنەری شەڕ و تاریکییە. ئەمە ئەو وێنەیەیە کە "ژن، ژیان، ئازادی" لە خەباتی ژن لە رۆژئاوای کوردستان بۆ ئێمەی تەسویر دەکات. ئەو وێنەیەی کە "ژن، ژیان، ئازادی" لە رۆژئاوای کوردستانەوە بە دنیادا بڵاوی دەکردەوە، وێنەی دورگەیەکی دێمۆکراتیک بوو لەنێو دەریایەک لە دیکتاتۆرییەت و سەلەفییەت، بۆیە پێم وایە بە رووکاری دەرەوە هەوڵێکی گەورە بوو بۆ وەرگرتنی مەشرووعییەت لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و وەدەست هێنانی پشتیوانیی هێزە چەپ و ئازادیخوازەکانی جیهان و بە رووکاری ناوەوە ئامرازێکی باش بوو بۆ جێگۆڕکێی رادیکاڵ لە شوێن و مەوقیفی ژن لە کۆمەڵگای کوردی و لێدان لە سیستەمی پیاوسالاری.

## ئایا "ژن، ژیان، ئازادی" هەمان درووشمی رۆژئاوای کوردستانە؟

دەبێت بزانین کە درووشمەکان سەفەربەرن، خۆیان نابەستنەوە بە جۆغرافیایەکی دیاریکراوەوە. کە رێگەی سەفەریان گرتەبەر، راستە بە جەستە و فۆرم هەمانن، بەڵام بە رۆح و مانا شتێکی تر، لەوێ ئامانجێکیان هەیە و لێرە ئامانجێکی تر، لەوێ دوژمنێکیان هەیە و لێرە دوژمنێکی تر. ئەم درووشمە کاتێک لە دوای کوشتنی "ژینا" گەیشتە رۆژهەڵاتی کوردستان، رەنگ و سیمایەکی تازەی بەخۆوە گرت، مانا و دلالەتەکانی گۆردرا و ئەویترەکانیشی گۆڕان. لەوێ ئەم درووشمە لە بەرانبەر فۆرمی دەوڵەت-نەتەوە و کەلتووری پیاوسالاری راوەستابوو، بەڵام لێرە هەروا کە شەهلا دەباغی بە دروستی ئاماژەی پێداوە، لە بەرانبەر کەلتووری پیاوسالاری و دەوڵەت-نەتەوەی سەردەست. لەوێ بە چەک کۆتایی بە خەلافەتی ئیسلامی دێنێت و، لێرە بە بەرد ئیستعمار(کۆلۆنیالیزم) راو دەنێت. لەوێ حیزبێکی رێکخراو پشتیوانیەتی و، لێرە وزە لە خەڵکەوە وەردەگرێت و داینامۆکەی ناوخۆییە. کەواتە پێچەوانەی ئیدعای گولاڵە کەمانگەر ئەم درووشمە هەمان درووشمی رۆژئاوای کوردستان نییە، راستە لەوێ سەرچاوەی گرتووە، بەڵام لێرە بە شێوەیەکی دی رەگی داکوتاوە، سرووشت و ماناکانی کەوناوکەون بووە و ئەم بەستێنە خستوویە خزمەتی مانا و ئەرزشەکانی خۆیەوە. لە رۆژئاوا لە پێش هەموو شتێکدا کەلتووری پیاوسالاری دەکاتە نووکی نەیزەکەی خۆی، پەلاماری هەر جۆرە رێکخستنێکی هایرارکییانە و لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەدات و بە شێوە رادیکاڵ هەوڵی گۆڕینی ژیانی پێش مودێرنی ژنان دەدات، تا رادەیەک لەوێ کۆمۆنی ژنانە و دێهاتی ژنان و سیستەمی ئابووریی کۆمۆناڵی ژنانە دادەمەزرێت، بەڵام لە رۆژهەڵات دەوڵەت-نەتەوەی سەردەست و پیاوسالاریی رەگ داکوتاوی کۆمەڵگای کوردی بە شێوەی هاوتەریب و هاوکات وەکوو سەرچاوەی چەوساندنەوە، ژنان دەکات بە سیبلێک بۆ تیرەکانی خۆی و، دوانەی شەڕ دژ بە دەسەڵات و شەڕ دژ بە عەقڵییەتی پیاوسالاری لە ناوخۆی هاوتەریب کردووەتەوە.

تا ئێرە باسەکە بەم شێوەیەیە، ئایدۆلۆژیای

پشتی ئەم دروشمە لە باکووری کوردستانەوە سەرهەڵدەدات، دواتر بە هۆی دروستبوونی جۆرێک لە بۆشاییی ژێئۆپۆلیتیک لە ئاکامی ململانێی هێزە نێودەوڵەتییەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان ئەم دروشمە لە شەڕی دژ بە داعشدا بە میانجیی حیزبێکی کوردی لەدایک دەبێت و، لە دوای کوشتنی ژینا لە تاران، لە گۆڕستانی ئایچیی سەقزەوە سەر دەردێنێت و، دەبێت بە دروشمی بزووتنەوەی ژینا. هاتنی ئەم دروشمە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشاندەری پەیوەست بوون و کارتێکەریی چەندلایەنەی خەباتی کوردە لە هەموو بەشەکانی کوردستان. هەر بەرەوپێشچوونێک لە بەشێکی کوردستان کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر پارچەکانی دی، بەڵام بە هۆی جیاوازبوونی بەستێنی سیاسی-کۆمەڵایەتی و هەروەها جیاوازیی قۆناغەکانی خەبات، ئایدیاکان و دروشمەکان لە ئەگەری گواستنەوەیان بۆ پارچەیەکی دی دەگۆڕێن و مانا و دەلالەتەکانی پێشووی خۆیان لەدەست دەدەن.

## ئایا "ژن، ژیان، ئازادی" درێژەی خەباتی سەد ساڵەی ژنانە لە ڕۆژهەڵات؟

خەباتی ژنان بەر لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا لە ڕۆژهەڵات لە دوو فۆرمی کلاسیک و نوێدا هەبوو. یەکەمیان، لە فۆرمی حزبیدا و دووهەمیان، لە چوارچێوەی کۆمەڵگای مەدەنی کە ئەمەی دواییان مێژوویەکی تازەی هەیە. هەردووکیان لە فۆرم و ناوەرۆکدا لە خەباتی ژنان و لە بزووتنەوەی ژینا و لەژێر سێبەری دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"دا جیاواز بوون. ئەم فۆرمە لە خەباتی ژنان دابڕانە لە پێشووی خۆی، نەک درێژەدەری. بۆ سەلماندنی ئەم ئارگیۆمێنتە سەرەتا چەمکی پرسی ژن، ئەرک و مەوقیفی لەنێو گوتاری ناسیۆنالیستیدا، دواتر چۆنیەتیی بەشداریی ژنان لە سیاسەتی کوردی و، لە کۆتاییدا گوتاری بزووتنەوەی فێمێنیستی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەخەینە بەرباس.

گوتاری ناسیۆنالیزم لە مێژووی خەباتی ناسیۆنالیستیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی ناسیۆنالیزمێکی پریمۆردیالیستی و کەلتووریدا بووە. بەهۆی زاڵ بوونی گوتاری ناسیۆنالیزمی پریمۆردیاڵ(دێرینەخواز) و کەلتووری بەسەر خەباتی ناسیۆنالیستیدا ژنان لە چوارچێوەی ئەم گوتارەدا وەکوو یوڤال دەیویس(Yuval Davis) باسی دەکات، سێ ڕۆڵی سەرەکییان گێڕاوە و بەشداریی کاریگەریان بووە، بەڵام بەردەوام ئەم بەشدارییە لە ئاستی مەعریفیدا پشتگوێ خراوە، یانی گوتاری ناسیۆنالیستیی ڕۆڵە نوێیەکانی ژنان کە بەرهەمی هاتنی مودێرنیتە بووە، وەکوو ئەرکێکی لەمێژینە و سرووشتی بینیویەتی تا بەرهەمی گۆڕانەکانی سەردەمی مودێرن لە جێگە و پێگەی ژناندا. یەکەم، ڕۆڵی ژنان لە بەرهەم هێنانەوەی بایۆلۆژیکی نەتەوە، دووهەم، ڕۆڵی ژنان لە بەرهەم هێنانەوەی کەلتووری و سەمبۆلیکی نەتەوە و سێیەم، بەشداریی ژنان لە ساحەی سیاسی، ئابووری، نیزامی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگادا. هەر کام لەم ڕۆڵانە نزیکن لە ڕوانگەیەکی ناسیۆنالیستییەوە، بۆ نموونە ڕۆڵی ژنان لە بەرهەم هێنانەوەی بایۆلۆژیکی نەتەوەدا زیاتر لە ڕوانگەیەکی پریمۆردیاڵیستی نزیکە بە نیسبەتی ناسیۆنالیزمەوە. لەم ڕوانگەیەدا هاوپەیوەندی لەنێوان ڕۆڵی سرووشتیی

ژنـان لـە منداڵبـوون و چێکردنـی نەتـەوەدا هەیـە. زاوزێ وەکـوو ئامرازێکـی گرینـگ دەبینرێـت بـۆ چێکـردن و بەهێزکردنـی نەتـەوە، هەڵبـەت نـەک هەر منداڵێـک، بۆیە خوێنـی پـاک ڕۆڵـی سـەرەکی دەگێڕێـت لە ئەندامبـوون لـە نەتەوەدا. "دیـدە گیان کچی کـوردی ژیکەڵـە، داوێنـی پاکـت دوور بێ لە پەڵـە" (هێمـن). لە ناسـیۆنالیزمی کەلتووریدا بـە هـۆی ئـەوەی کەلتـوور جێگـەی نـەژاد دەگرێتـەوە بـۆ ئەندامبـوون لـە نەتـەوەدا، ژنـان وەکوو بەرهـەم هێنـەرەوەی کەلتووری و سـەمبۆلیکی نەتـەوە ڕۆڵ دەگێـڕن. ژنـان لـە گێڕانـەوەی ڕەوایەتـەکان و سـازکردنی شوناسـی نەتەوەیـی و کەلتووریـدا ڕۆڵـی کارا دەگێـڕن. ژنـان پاسـەوانانی سـنووورە کەلتوورییـەکان و سـەمبۆلیکەکانن، ئەرکـی گواسـتنەوە و زینـدوو هێشـتنەوەی کەلتـوور و سـەمبول و ئەفسـانە هاوبەشـەکانی نەتـەوە لەسـەر شـانی ئەوانـە. "هـەی لایـە لایـە ڕۆڵـە لای لایـە لـە کزیـی کـوردان دەنگـم دەرنایـە" (قانـع). هەروەهـا ژنـان لەم ڕوانگەیـەدا هەڵگرانـی شـەرەف و کەرامەتـی نەتەوەیەکـن، بۆیـە لێـرەدا ژن نوێنـەری شـەرەف و نامووسـی نەتەوەیەکـە و نابێـت لەکـەدار بێـت، ئەگەر ئەمـە ڕووی دا، زۆرجار ئـەو ژنانـە بـە توندترین شـێوە سـزا دەدرێن. کوژرانـی ژنانـی کـورد لـە تاراوگـە لـە لایەن بـاوک و کەسـوکاریانەوە لـەم چەنـد سـاڵەی ڕابـردوودا نموونەیەکـە لەم شـێوە ڕوانینە. لە ناسـیۆنالیزمی مەدەنیدایـە کـە ژنـان لەپێنـاو ڕۆڵـە کلاسـیکەکانی خۆیـان لـە سـاحەی سیاسـی، ئابـووری، نیزامـی و کۆمەڵایەتیـی کۆمەڵـگادا بەشـدار دەبـن. ژنـان تەنیـا لـەم ڕوانگەیەدایـە کە بەشـداریی چالاکیان هەیە، بـەڵام دەبێـت بزانین کە هێشـتاکە بەتەواوی دەسـتیان بـە مافـە مەدەنـی، سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانـی خۆیـان ڕانەگەیشـتووە. "تـا ئێسـتا ڕووی نـەداوە لـە تاریخـی میللەتا قەڵغانـی گوللـە سـینگی کچـان بـێ لـە هەڵمەتـا" (پیرەمێـرد). بـە هـۆی زاڵبوونـی گوتـاری ناسیۆنالیسـتیی پریمۆردیـال و کەلتـووری بەسـەر ناسـیۆنالیزمی کوردیـدا، ژنـان لـە سـەردەمی مودێرنـدا لـە بەرهـەم هێنانـەوەی نەتـەوەدا زیاتـر ڕۆڵیـان لـە بەرهـەم هێنانـەوەی بایۆلۆژیکی، کەلتووری و سـەمبۆلیکی نەتەوەدا گێـڕاوە و، کەمتر ڕۆڵی کاریگەریـان لـە بەشـداربوون لـە سـاحەی سیاسـی، ئابـووری، نیزامـی و کۆمەڵایەتیـدا گێـڕاوە. پێویسـتە بزانیـن ئەم ڕۆڵانـەی ژنان دەیگێـڕن نیشـاندەری پلە و پایـە و مەوقیفی ڕاسـتەقینەی ژنـان لـە کۆمەڵـگای کوردیـدا نییـە، جەسـتەی ژنانـی لـە جەسـتەیەکی بایۆلۆژیکییـەوە کـردووە بـە جەسـتەیەکی ئایدۆلۆژیـک.

بەشـداریی ژنـان و پرسـی ژن لـە خەباتـی کوردیدا و لە چوارچێوەی هێزە سیاسییەکانی کـورددا خـۆی لـە سـێ فۆڕمـدا دەبینێتـەوە. یەکـەم، کێشـە و پرسـی ژن بـە تێبینییەکی ناوەخت زانراوە و چارەسـەرکردنی پەیوەسـت کراوە بە چارەسـەرکردنی کێشـەی سیاسـیی کـوردەوە. دووهـەم، بـە شـێوەی ویترینـی کەڵکیـان لـێ وەرگیـراوە، یانـی یـەک یـان دوو ژنیـان هێنـاوە و لـە مەکتـەب سیاسـی یـان کومیتـەی ناوەنـدی دایـان نـاوە. سـێهەم، پرسـی ژن بـە شـێوەی ئایدۆلۆژیک لـە چوارچێـوەی گوتارێکـی دیاریکـراودا جومگەبەنـدی کـراوە. بـۆ نموونـە ژنۆلـۆژی یـەک لـەو گوتـارە ئایدۆلۆژیکییانەیـە کـە بە شـێوەی ناواقیعـی چارەسـەریی پرسـی ژن دەبەسـتێتەوە بـە کۆتایـی هاتنی سیسـتەمی

سـەرمایەداری. بە گشـتی بەشـداریی ژنان لە خەباتـی سیاسـیدا هیچـکات بـە شـێوەیەکی ژنانـە و کوردانـە نەبـووە، بەڵکـوو شـوناس و مافەکانیـان لەپێنـاو ئامانجـە سیاسـییەکاندا کـراوە بـە قوربانـی و، حیزبایەتـی و گوتـاری حیزبـی زاڵ بـووە بەسـەر ژن و پرسـی ژنـدا، بـۆ نموونە پێشـمەرگە کاراکتێرێکی پیاوانەی بـووە و ئێمە پێشـمەرگەی ژنمـان بووە، نەک ژنە پێشـمەرگە.

خەباتـی فێمێنیسـتیی ژنان لـەم دواییانەدا لـە سـاحەی کۆمەڵگای مەدەنـی و لەم فۆرمە نوێیـەی خـۆی بـە هەمـان شـێوە جیـاوازە لەگـەڵ خەباتـی ژنـان لـە بزووتنـەوەی "ژن، ژیـان، ئـازادی"دا. بـۆ نموونـە فێمێنیسـتە کـوردەکان لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لـە ئاسـتی سـەرەوەی هێـرەم بـە گوتـاری زۆرینـە سـەر بـە فێمێنیسـتی ڕادیکاڵـن و، لـە خـوارەوەی هێرەمەکـە و لـە قاعیـدەدا زۆرینەیان فێمێنیسـتی لیبراڵـن. ڕادیکاڵەکان لەژێـر کاریگەریـی ئـەم درووشـمەی هانـا ئارنێتـدان "بـە هـەر ناوێـک دەچەوسـێیەوە، بـە هەمـان نـاوەوە بەرگـری لـە خـۆت بکـە". کەواتـە چـون بـە نـاوی ژن بوونـەوە دەچەوسـێمەوە، بـە نـاوی ژنـەوە بەرگـری لـە خـۆم دەکـەم. ئـەم درووشـمە ڕێنوێنیـی خەباتـی فێمێنیسـتە ڕادیکاڵەکانـی کـورد دەکات کـە ئـەوان دادەبڕێـت لـە بەسـتێنی کوردسـتان و بێبەرییـان دەکات لـە پشـتیوانیی پیاوانـی ئازادیخـوازی کـورد. لیبراڵەکانیـش لەژێـر کاریگەریـی گوتـاری فێمێنیسـتی سەردەسـتدان و، نەیانتوانیـوە بـە شوناسـی جیـاوازی خۆیانـەوە دەرکـەون و خواسـت و ویسـت و ئامانجەکانیـان هەمـان خواسـت و ویسـتی ژنێکـی فارسـی، ناوەندنشـینی، چینـی مامناوەنـدی، شـاری، فارسـیزمان بـووە. فێمێنیزمـی کـوردی بـە



هۆی ئەوەی بنەمایەکی مەعریفی بەرهەم نەهێناوە، بەردەوام خۆی لە سیاسەتی کوردی بەدوور گرتووە و مافی ژنی کوردی لە کوردبوون و سیاسی بوون داماڵیوە و، کردوویەتی بە بەشێک لە جەستەی گوتاری فێمێنیستی سەردەستەوە. لە دۆخێکی وەهادایە سووژەی ئاگای فێمێنیستی کورد دەبێت بە سووژەی ئاگای ئاپاراتووسی داگیرکەر. هەڵبەت دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە چەند ساڵێکە دەنگێکی جیاوازیش لەنێو فێمێنیستی کوردی دەبیستین کە چەندفاقی بوونی شوناسی خۆیان ناسیوە و چەندلایەنە بوونی ستەمەکانی سەر شانیان دەرک پێکردووە و زۆر جار هەوڵیان داوە خۆیان لە باری گوتارییەوە دابڕن لە گوتاری فێمێنیستیی سەردەست و ستەمی نەتەوەیی و ستەمی جنسییەتی، هاوکات دەبینن، ئەمە هەر چەند سەرەتایەکی دڵخۆشکەرە، بەڵام زۆر کز و لاوازە.

ئەوەی لێرەدا باس کرا، دەریخست بزووتنەوەی ژنان لە هەموو فۆڕمەکانی خۆیدا لە رۆژهەڵات هەم لە ئاستی گوتاریدا، لە ئاستی بەشداریی خەباتی سیاسی و، هەمیش لە سێبەری جووڵانەوەی نوێی فێمێنیستی لەم بەشەی کوردستاندا دابڕانێکی گەورە بەخۆیەوە دەبینێت لە خەباتی ژنان لە بزووتنەوەی ژینادا. ئێمە بە هیچ پێوەرێک ناتوانین "ژن، ژیان، ئازادی" لە درێژەی خەباتی سەد ساڵەی ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان ببینین، هەروەها ناتوانین بە شێوەیەکی سەلەفییانە هاوجووتی بکەینەوە لەگەڵ خەباتی ژنان لە رۆژئاوای کوردستان. لێرەدا سەنتێزێک دەبینین لەنێوان دوو فۆڕمی جیاواز لە خەباتی ژنان لە دوو پارچەی کوردستان کە هەم فێمێنیزمی کوردی، هەم خەباتی سیاسیی ژنی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەڵتەکاندووە و لە سەیر و رەوتێکی مێژووییدا ژنانی کوردی لەم بەشەی کوردستان خستووەتە سەر رێڕەوە راستەقینەکەی خۆی. لە بزووتنەوەی ژینادا ژنان وەکوو پێشەنگی ئەم شۆڕشە بە پشتیوانیی پیاوانی ئازادیخواز هاوکات خەریکی بنبڕکردنی کەلتووری سەقەتی پیاوسالاری و بەرەنگاریی سەردەستدان، ستەمی جنسییەتی و ستەمی نەتەوەیی لەم بزووتنەوەیەدا بە شێوەی هاوکات، هاونرخ و بێ جیاوازی جومگەبەندی کراوە. ئەمە رووداوێکی گەورەی پیرۆزە لە مێژووی جووڵانەوەی ژنانی کوردستان، بۆیە دەبێ دەرکی بکەین و کەیلی وەدیهێنانی ئامانجەکانی بین. پێویستە بزانین ئەم رووداوە لە باری گوتارییەوە دابڕانە لە گوتاری ناسیۆنالیزمی کەلتووری و پریمۆردیاڵی کوردی، دابڕانە لەو فۆڕمە سەقەتەی بەشداریی ژنی کورد لە خەباتی سیاسیدا و بە هەمان شێوەش خۆی جیا دەکاتەوە لە جووڵانەوەی تەقلیدیی فێمێنیزمی کوردی لە رۆژهەڵات کە لەناو هەژارییەکی مەعریفیی قووڵدا دەژیت.